# گۆڕانی ژمارەکان

یاسین بانیخێلانی

بوون ژمارەیە، لەدەرەوەی ژمارە بوون بوونی نییە، ئەوە ئێمە نین لەکاتی لەدایك بوونا دێینە ناو بوون!. ئەوە ئێمە نین لە دایك دەبین، بەڵکو ئەوە ژمارەیە دێتە ناو بوون. هەرکەسێك خاوەن ئەو ژمارەیە نەبێت بوونی نییە، ئێمە هەموومان ژمارەین، هەر بۆیە بە ژمارە قسە دەکەین و بە ژمارەش مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرێت. دەشێت زۆر جاران ژمارەش ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەو ژمارەیەی، کە بوونی ئێمە دەسەلمێنێت!. ئێمە بە ژمارە دێینە ناو بوون و هەر ژمارەش کۆتایی بە بوونمان دەهێنێت. ئەگەر کەسێك ئەو ژمارەیەم پێ بڵێت: هاتنە ناو بوونی ئەو دەستنیشان دەکات، من دەتوانم پێی بڵێم ئەو مرۆڤە کێیە!.

ئای ژمارەکان بوونی ئێمە چەند بەرەو تراژیدیا دەبەن! کێ دەتوانێت بڵێت: ژمارەکان وەکو یەکن؟. ژمارەکان تەنها ژمارەیەکی ئاسایی نین ئێمە بتوانین لەبیرمان بچێت یا فەرامۆشییان بکەین، چونکە لە زیندان، ئازادی، خۆشەویستی، ڕق، شەڕ، ئاشتی و لە هەموو بوارێکی ژیانی ئێمەدا ناوەکانی ئێمە دەگۆڕێن بۆ ژمارەو لە ڕێگای ژمارەکانەوە خۆمان دەناسینەوە یان دەماننناسنەوە.

ئێمە بوونەوەرێکی ژمارەیین و لە هەر دەرگای زیندانێکی ژیانماندا ژمارەیەك هەڵواسراوە بوونمان دەستنیشان دەکات!. ئەگەر ژمارە نەبێت ئێمە نین، مرۆڤ بە بێ ژمارە چۆن دەتوانێت یادەوەرییەکانی خۆی بگێڕێتەوە، چۆن دەتوانێت بڵێت: من هەم! بە بێ ئەوەی خاوەنی ژمارەیەك بێت، لە کاتێکدا یادی لەدایك بوون و مردنەکانمان، کە سەرەتای بوون و کۆتایی بوونە بە گۆڕانی ژمارەکان زیندوو دەکرێنەوە.

ژمارەکان بە تەنها ژمارە نین و بەس، ژمارەکان تەنها بۆ ئەوە نییە سەرەتاو کۆتایی ئێمە دەستنیشان دەکەن، بەڵکو ژمارەکان بریتین لە ژیانی ئێمە، لەبەر ئەوەی ژمارەکان دەمانگرێنێت، دەمانکەنێنێت، تووڕەمان دەکات و هێورمان دەکاتەوە، جگە لەوەی فێری ڕق و خۆشەویستیمان دەکات. کاتێك ئێمە گوێمان لە ژمارەیەك دەبێت لەناخەوە دەهەژێین، ئەم هەژاندنەیە وامان لێ دەکات بە ڕق یا خۆشەویستی بیر بکەینەوە، چونکە ئێمە کۆیلەی دەستی ژمارەین!.

ئێمە ژمارەین و ژمارەش ئێمە، ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە لە دوێنێمان یان سبەینێ لە ئەمڕۆمان جیا دەکاتەوە تەنها گۆڕانی ژمارەکانە!.

هەموو ساڵێك وەك هەر ڕۆیەکی ژیان ئێمە شایی بۆ ساڵی نوێ دەگێڕین و پیرۆزبایی بۆ یەکتر دەنێرین، ساڵێکی نوێ دێت و ژمارەیەکی تر دەگۆڕێت، ئێمە شاد دەبین و بەو پەڕی خەنییەوە پێشوازی لە لەدایك بوونی ساڵی نوێ دەکەین، بەڵام بە گۆڕانی یەك ژمارە، ساڵێکی نوێ لە دایك دەبێت و ئێمەیش بەو ئاهەنگە مردنی یەك ساڵ تەمەنی خۆمان بیر دەبەینەوە!.

Duesseldorf 31. 12. 2002